کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
24-5-2007 22:20 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەفەرێک بۆ مەرگ لەپێناوی عروبەدا ... هەورامان علی تۆفیق



کاتەوەختێك کەسایەتی کورد مەرگی لەسەردەستی دادەناو بەبێ ترس و بوێرانە سنگی دەنا بەفیشەکی دوژمنانەوە... ئەو هەست و بۆ چوونەیی کە پێشمەرگە لەپێناویدا دەجەنگا و لەبەرەکانی شەڕدا بوێرانە بۆ ئامانجێکی نەتەوەیی و لەپێناو نیشتمانێکی داگیرکراو دا بە پێرۆزترین ناوەوە کە پێشمەرگەبوو. جل و بەرگی کوردی و جامانە هێندەی دی ڕەسەنایەتی و پاکی ئەو کەسایەتیەیان دەسەلماند.. لەنێو شارەکاندا خەڵکی خەویان بەوەو دەدی کەچۆن پێشمەرگە ببینن و لەفکری خۆیاندا بەدەیان شێوە وێنەیان بۆ دەکێشا.. پیرۆزی و بەرزی ئەو ناوە جێگای شانازی بوو، گەورەیی و بەڕێزی و هەست کردن بەئەرکی گرنگ و مێژویی ئەو کەسایەتیە باش دەزانرا.. لێرەدا مەبەستم سادەترین پێشمەرگەیە ئەو کەسەیی کە بەبێ پرسین و ڕەخنە گرتن و لێدوان ڕەوانەی بەرەکانی شەڕدەکراو چالاکی دەنواند بوونی کوردی وەك نەتەوە دەسەلماند.. ئەمڕۆش لەسایەی سەری ئازادی و دیموکراتیەتەوە بەهەزارەها لەو کەسانە بێ کەس و بێ کارو بێ لێپرسینەوە و پێشت گوێخراون و تەنها بچوك ترین پاداشتی ئەو ڕۆژانە بەمێشکی بەرپرسەکانیاندا نایەت، ئەوکاتانەی کە پارەنەبوو هیچ مەبەستێکی تایبەتی بەدوایی پێشمەرگایەتیەوە نەبوو تەنها ئامانجی خزمەتکردن بوو بەکورد و نەتەوایەتی و پاراستنی ئاڵای کوردستان بەشەکاوەیی و هەمیشە پیرۆز ڕاگرتنی.. شەهیدانی ئەو ڕێگایە ئەوانەی گیانیان لەو پێناوەدا بەخشیوە وەك پێویست حەقی خۆیان نەدراوەتێ و کەس و کارو ڕۆڵەکانیان ئەو پاداشتانەیان وەك و پێویست نەدراوەتەوە و ئەوەندەی کراوە بەو شێوە پێویستیەنیە و لەو ئاستە دڵخۆشەریەدا نیە.. بەڵام ئەو ووشەیە لەبری ئەوەی لەڕەسەنایەتی و کوردایەتی خۆیدا بمێنێتەوە و پیرۆزی خۆیی بپارێزێت وادیارە ئەو بای دیموکراتیەتەی ئەمڕۆ و هەوای پڕۆسەی ئازادی و چەندین دەست کەوتوو مۆرکردنی ڕێککەوتن نامە و بای شارستانیەت و مۆدێرنیەت کاریگەری لەسەر پێشمەرگەش هەیە و ئەویشی بەرەو ئەو گۆڕانە بردووە.. ئەو پێشمەرگەیەی کە پارێزگاری لەکورد و کوردستان دەکرد ئەمڕۆ پارێزگاری لەمانەوەی عروبە دەکات و بەناوی سوپای عێراقەوە ئاسایشی ناوچە عەرەب نشینەکان دەپارێزێ و لاشەی ئەفسەرو سەبازەکان بەرەو کوردستان دێنەوە، کەدەسەڵاتی عێراقی دەمی گۆ ناکات بەووشەی پێشمەرگە ناویان بەرێت.. لەکاتێك دا هەموو لایەك و تەنانەت ئەو ووڵاتانەی کە هاوکاری عێراق دەکەن گەورەترین هەوڵ دەدەن کە بەکەم ترین زیان لەو گێژاوە ڕزگاریان بێت، بەڵام ئێمەی کورد بەگەورەترین زیانەوە خۆمانی تێدەهاوین... کەواتە سەفەری بەرەو مەرگی ئەو سەربازە کوردانە بەرەو مەرگ بۆ پاراستنی عروبەی عێراقیە نەك کوردایەتی و کوردستان، دەبێ بەدایکی ئەو شەهیدانە چی بوترێت و چۆن سەرخۆشیان لێدەکرێت.. ؟. ئەی ئەگەر بەپێچەوانەی ئەم هاوسەنگیە مامەڵە بکرێت، لەبری ئەوەی گەنجی کورد بەرەو شەڕێکی نادیارو دوژمنێکی هەمەلایەنی وون بوو، چونکە لەوناوچە عەرەبیانەدا دۆست و دوژمن یەکن و تیرۆرو دەوروبەریش بەشێوەیەکی گشتی بەرامبەر بەکورد خۆیان بەدوژمن دەزانن و ئەوەی بۆیی بلوێ گورزی خۆیی دەهاوێ.. لەبری پاراستنی ئەو هاوسەنگیە و بەپیاو چاك بوونی دەسەڵاتی کوردی و ڕێککەوتن و چارەسەرکردنی گرفتی چەند پرۆژەیەك ئەو هەنگاوانە لەو مامەڵەیەدا بەدیار دەکەون.. دەبوو سنورەکانی کورستان بەو سەربازانە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کۆنترۆڵ بکرانایە و ڕێگا بەو لێشاوە هاتنەی عەرەبە ڕاکردووەکان بگیرایە و سنورەکانی کوردستان و ئێران و تورکیا توندو تۆڵ بکرانایە و ئەو بۆشاییەی کە ئەمڕۆ تیرۆرستان لێوەی پەیتا پەیتا هێرش دەکەن و هاوڵاتیان و خەڵکی بێ تاوان شەهید دەکەن و ئارامی هەریمی کوردستان تێکدەدەن و بێ گومان پلانەکان بەردەوام دەبن و هێرشەکانیش ڕاناوەستن...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.